# خوێندنەوەیەك بۆ ڕێككەوتنی شەراكەتی ستراتیژیی نێوان عێراق و فەڕەنسا

**پرۆفیسۆر د. بڕیار شێرکۆ بابان**

لە ڕێکەوتی ٣/١١/٢٠٢٣، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەڕەنسا لە کۆشکی ئێلیزێ کرد. خودی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە لە ئاستی لووتکەدا گرنگیی مێژوویی هەیە، بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان. لەبەر سنووردارىی بابەتەکەمان، ناپڕژێینە سەر هەموو ڕەهەندە سیاسی، ئابووری و مێژووییەکانی ئەم جۆرە سەردانانە. پەیوەندیی گەلی کوردستان و فەڕەنسا مێژوویەکی دووورودرێژی هەیە؛ لە پەیوەندییەکی بەرایی و مرۆییەوە چەکەرەی کرد و ئێستا بۆتە پەیوەندییەکی لووتکەیی و ستراتیژی، تا ڕاددەیەک بەرژەوەندیی دوولایەنەیش بەرجەستە بووە.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی دوای کۆبوونەوە دووقۆڵییەکە، ڕێزدار سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرنگ کرد کە لەگەڵ بەڕێز سەرۆککۆماری فەڕەنسا تاوتوێ کراوە. یەکێك لەو خاڵانەی باس کرابوون، بابەتی ڕێککەوتنی شەراکەتی ستراتیژیی نێوان عێراق و فەڕەنسا بوو. پرسی پەیوەندییەکانی فەڕەنسا و عێراق فرەڕەهەندە. ئەگەر بێینە سەر باسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا، خۆی لە خۆیدا بابەتێکی فراوانە؛ ئینجا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی عێراق و فەڕەنسا بێت، یان لە ڕوانگەی ئەو هێڵە دیپلۆماسییە ڕاستەوخۆیە بێت کە لە نێوان هەولێر و پاریسدا هەیە.

شایەنی گوتنە، لە ڕێکەوتی ٢٦/١/٢٠٢٣ بەڕێزان موحەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و ئیمانوێل ماکرۆن واژۆیان لەسەر ڕێککەوتنی شەراکەتی ستراتیژیی نێوان عێراق و فەڕەنسا کرد. ئەم ڕێککەوتنە، یەکەم ڕێککەوتنی نێوان فەڕەنسا و عێراق نییە، کۆتاییش نییە. بابەتەکەی ئەم جارەمان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە؛ خوێندنەوەیەکە بۆ لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو ڕێککەوتنەی شەراکەتی ستراتیژی، کە لە نێوان عێراق و فەڕەنسا واژۆ کراوە و، وا بڕیارە بەم نزیکانە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## گوزەرێك بە ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و فەڕەنسا

میزۆپۆتامیا و فەڕەنسا پەیوەندییەکی دێرین بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە؛ هەر لەو کاتەی کە عێراق پێک هاتبوو لە سێ ویلایەتی عوسمانی. سەد و پەنجا ساڵ زیاتر لەمەوپێش، خاتوو ئۆژێنی، خێزانی ناپلیۆنی سێیەم، ئیمپراتۆری فەڕەنسا، ئامێرێکی کاتژمێر و زەنگێکی کلێسای مەزنی پێشکەش بە مووسڵ کرد. ئەم دیارییە دێرینانە تا داگیرکردنی کلێسای "ساعە" لەلایەن داعشەوە مابوون؛ چەکدارانی داعش-وەکوو زۆر سامانی کەلتووری و مێژوویی مووسڵ- شێواندیان و لەناویان برد.

فەڕەنسا لە دروستبوونی عێراقی ئێستادا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە، بەتایبەتی لایەنێکی سەرەکی بووە لە ڕێککەوتننامەکانی سایکس-بیکۆ (١٩١٦)، سیڤەر (١٩٢٠) و لۆزان (١٩٢٣) و هتد. لە دوای

سەربەخۆبوونی عێراق لە ساڵی ١٩٣٢، سنووری ئێستای باکووری ڕۆژاوای عێراق بە چەند ڕێککەوتننامەیەکی دوولایەنەی فەڕەنسا و عێراق داڕێژراوە. بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٣ دەربارەی جێبەجێکردنی بڕیاری ناوبژیوانی (تەحکیم)ی داڕشتنی سنووری سووری و عێراقی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە؛ لەو سەردەمەدا سووریا لەژێر ئینتداب (سەرپەرشتی)ی فەڕەنسادا بوو.

لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی پێشوو، دەیان ڕێککەوتننامەی دوولایەنە واژۆ کرابوون کە زیاتر سروشتی تەکنیکی و زانستی و ئابوورییان هەبوو، بۆ نموونە: ڕێککەوتنی دوولایەنە دەربارەی هاتوچۆی ئاسمانی لە ساڵی ١٩٦٦، ڕێککەوتنی دوولایەنە دەربارەی هەماهەنگیی کەلتووری لە ساڵی ١٩٦٩، دەربارەی سیستەمی کاروباری کۆمەڵایەتیی قوتابیان لە ساڵی ١٩٧٢، لە بواری هایدرۆکاربۆن لە ساڵی ١٩٧٢، لە بواری پاراستنی داهێنانی هزری لە ساڵی ١٩٧٢، لە بواری گەیاندن لە ساڵی ١٩٧٢، لە بواری تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ لە ساڵی ١٩٧٤، لە بواری بەکارهێنانی وزەی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتییانە لە ساڵی ١٩٧٥، لە بواری کۆمپیوتەر لە ساڵی ١٩٧٥، لە بواری گەشتیاری لە ساڵی ١٩٨٠.

لە دوای (٢٠) ساڵ جەنگە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و کوێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە ساڵی ٢٠٠٠وە فەڕەنسا گەڕایەوە بۆ ڕێککەوتنی دووقۆڵی لە بواری شوێنەوارناسی و مۆزەخانەناسی لە ساڵی ٢٠٠٠. چەند ساڵێك دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، فەڕەنسا دەیەوێ بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بێتەوە ناو کایەی سیاسیی عێراقەوە؛ بەتایبەتی لەسەردەمی نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆکی فەڕەنسا، کۆمەڵێك ڕێککەوتنی دوولایەنە واژۆ کران، بۆ نموونە: دەربارەی ئاسایشی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٠٩، دەربارەی هاریکاری لە بواری بەرگری لە ساڵی ٢٠٠٩، دەربارەی هاندان و پاراستنی وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠١٠، دەربارەی شەراکەتی کەلتووری و تەکنیکی و پەرەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٩.

تایبەت بە هەرێمی کوردستان، سەرۆك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان و بەڕێز بێرنارد کۆشنەر، وەزیری پێشووی دەرەوە و کاروباری ئەوروپا، لە ١٥/١٠/٢٠١٠ واژۆیان لەسەر یاداشتنامەیەکی دوولایەنە کرد لە بواری  بازرگانی و ئابووری و کەلتووری؛ کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی مێژووییە بۆ هەرێمی کوردستان و بە هەردوو زمانی کوردی و فەڕەنسی داڕێژراوە. ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٩وە لە نێوان فەڕەنسا و عێراق واژۆ کراون، سروشتێکی گشتگیریان هەیە و تەواوکەری یەکترن.

**پوختەی ڕێککەوتنی شەراکەتی ستراتیژیی نێوان عێراق و فەڕەنسا**

ڕێککەوتننامەی شەراکەتی ستراتیژیی نێوان عێراق و فەڕەنسا دوای واژۆکردن لەلایەن سەرۆك ماکرۆن و سەرۆکوەزیران موحەمەد شیاع سوودانی، پێویستیی بە پەسەندکردنە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە کە تاوەکوو نووسینی ئەم دێڕانە ئەم ڕێککەوتنە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە، پێک هاتووە لە شەش بەشی سەرەکی و (٥١) ماددە. سەرەتا وەکوو هەر ڕێککەوتنێکی تر، بە دیباجەیەك دەست پێ دەکا. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ شەراکەت لە بواری سیاسی و هاریکاریی دیپلۆماسی کە لە پێنج ماددە پێک هاتووە. دواتر بەشی دووەم، باس لە پرسێکی هاوبەشی هەستیار دەکات لە بواری بەرگری و ئاسایشی ناوخۆیی کە تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەکرێت ڕێککەوتنی نهێنی بکرێت. ئەم بەشە دابەش کراوە بۆ چوار لق: کاروباری بەرگری و پرسی ئاسایشی ناوخۆیی و بابەتی دادوەری و پرسی کۆچبەری و،

گەڕاندنەوەی هاووڵاتیانیش لە چوارچێوەی بەرگری و ئاسایشی ناوخۆ وەکوو لقێك داڕێژراوە. پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوانی نێودەوڵەتیی ڕێکخراو و پرسەکانی تری وەکوو تاوانی گەندەڵی و تاوانەکانی ئینتەرنێت و، بازرگانی بە مرۆڤ، مادده هۆشبەرەکان، چەکی بێمۆڵەت و پارچە شوێنەوارییەکانیش باسیان لێوە کراوە.

یەکێك لە درێژترین بەشەکان بریتییە لە لە بابەتی بازرگانی و ئابووری کە چواردە ماددەی بۆ تەرخان کراوە. چەندان بابەتی جۆراوجۆری تێدا باس کراوە و تیشک خراوەتە سەر هاندانی کارکردنی کۆمپانیا فەڕەنسییەکان لە عێراق و پاراستنیان لە بوارەکانی وزە و وزەی نوێبووەوە و پاراستنی ژینگە و ئاو و کەرتەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و تەندروستی و ئاسانکاریی ئاڵوگۆڕی بانکی تا دەگاتە میترۆی بەغدا و، پرسێکی هەستیاری وەکوو بەکارهێنانی وزەی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتییانە. وەک لە سەرەوە باسمان کرد، فەڕەنسا و عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ ڕێککەوتنیان دەربارەی بەکارهێنانی وزەی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتییانە هەبووە. بەکردەوەیش کاریان لەسەر ئەم ڕێککەوتنە کردووە، تاوەکوو لە ساڵی ١٩٨١ کارتیاکەری ناوکیی تەمووز (وێستگەی ناوکیی تەمووز)، کە لە نزیك بەغدا بوو و لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە کاری لەسەر دەکرا، بەهۆی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە بە ناوی "ئۆپێرا" تێک درا.

فەڕەنسا بەگشتی زۆر گرنگی بە بابەتی کەلتووری و ڕۆشنبیری دەدات، بۆیە بەشی چوارەم تەرخان کراوە بۆ بابەتی شەراکەت لە بواری زانستی و لێکۆڵینەوە و کەلتووری. ئەم بەشەیش زۆر بابەتی لەخۆ گرتووە: هاندان، ڕاهێنان، خوێندن و توێژینەوە لە فەڕەنسا لە بوارە جیاجیاکاندا، هەتاوەکوو بابەتی توێژینەوە لە بواری وزەی ناوکی؛ هەروەها گرنگییەکی تایبەت دراوە بە فێربوونی زمانی فەڕەنسی لە عێراق و شوێنەوارناسی و گەشتیاری و بوارە جیاوازەکانی هونەر و وەرزش.

سەبارەت بە چۆنێتیی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، بەشی پێنجەمی بۆ دیاری کراوە. بە مەبەستی جێبەجێکردنی و، دروستکردنی پەیوەندییەکی ستراتیژیی درێژخایەن، لێژنەیەکی باڵا پێک دێت بە سەرۆکایەتیی هەردوو وەزیری دەرەوە. ئەم لێژنە باڵایە ڕوانگەی سیاسیی هاوبەش و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە دادەنێت. هەروەها چەندان لێژنەی دوولایەنەی پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکان دادەمەزرێن بەم شێوەیە: **یەکەم**، لێژنەی هاریکاری لە بواری ئاسایشی ناوخۆیی، لە نێوان هەردوو وەزارەتی ناوخۆ، بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوانە سنووربڕە ڕێکخراوەکان و ئاسایشی مەدەنی و ڕێکخستنی کۆچبەری. **دووەم**، لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هێزی توندئاژۆ کە بەدواداچوون بۆ چەکدارە بیانییەکان بکات و، ئاڵوگۆڕی شارەزایی هەبێت دەربارەی ئاڵنگارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. **سێیەم**، لێژنەی تری پسپۆڕی دابمەزرێت بەپێی ئەولەوییەت؛ بۆ نموونە لە بواری وەبەرهێنان و وزە و وزەی نوێبووەوە و توێژینەوە و شوێنەوارناسی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان و مافی منداڵان. **چوارەم**، ئاماژە بە لێژنەیەکی تایبەتمەند بە بەرگری دەکات، کە لە ساڵی ٢٠١٩ەوە لە نێوان هەردوو وەزارەتی بەرگری فەڕەنسا و عێراق دامەزراوە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەری پێکهێنانی لێژنەکان کراوەیە لە هەر بوارێك کە پێویست بێت و لە هەر ئاستێکدا بێت.

### ڕێککەوتنی شەراکەتی ستراتیژی و هەرێمی کوردستان

سەرەڕای ئەوەی دەقی ڕێککەوتنەکە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ هەرێم و فیدراڵییەت نەکردووە، بەڵام

هەرێمی کوردستان بەدوور نییە لەم جۆرە شەراکەتی ستراتیژییە؛ لە لایەك، هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی فیدراڵی عێراقە و لە لایەکی ترەوە هەرێم باشترین پەیوەندیی لەگەڵ فەڕەنسا هەیە تا دەگاتە ئاستی لووتکە.

ڕێککەوتنی شەراکەتی ستراتیژی، بە سروشتی خۆی ڕێککەوتنێکی سیاسییە؛ پابەندبوونی یاسایی تێدا نییە و هیچ سزایەکی ئەوتۆ لەخۆ ناگرێت. ئەم جۆرە ڕێککەوتنە پێیان دەگوترێت "یاسای نەرم" (Soft Law) که بناغەیەکە بۆ ڕێککەوتنی جۆری لە ئاستەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان و تاوەکوو گرێبەست و یاداشتنامەی دوولایەنە.

ناکرێ ئەم جۆرە ڕێککەوتنە بە بابەتێکی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستانەوە دانەنرێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئەم ڕێککەوتنە سروشتێکی گشتگیری هەیە و، بە شێوەیەك داڕێژراوە کە گشت کەرتە گرنگەکان بگرێتەوە و چوارچێوەیەکی بنەمایی و یاساییە بۆ ڕێککەوتنە جێبەجێکارەکان و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتن لە گشت ئاستەکانی حوکمڕانی، جا لە هەرێم بێت یان عێراق؛ بە شێوەیەك هەر ڕێککەوتنێکی تر لە داهاتوودا لە نێوان هەرێم و فەڕەنسا واژۆ بکرێت، یان لە نێوان عێراق و فەڕەنسا واژۆ بکرێت، ئەوا لە سەرەتادا ئاماژە بەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە دەکرێت. بۆ نموونە یاداشتەکەی ساڵی ٢٠١٠ لە نێوان هەرێم و فەڕەنسا، بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنێکی پێشوو لە نێوان عێراق و فەڕەنسا کە ڕێککەوتنی شەراکەت بوو دەربارەی هاریکاریی کەلتووری و زانستی و تەکنیکی و پەرەپێدان، کە لە ڕێکەوتی ١٥/١١/٢٠٠٩ لە نێوان حکوومەتی فەڕەنسا و حکوومەتی عێراق واژۆ کرابوو. لە دیباجەی یاداشتەکەی هەرێم و فەڕەنسا، بەڕاشکاوی ئاماژە بەو ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و فەڕەنسا کراوە.

سیاسەتێکی دەرەکیی باڵای فەڕەنسی هەیە، ڕووەو ئاراستەی عێراقە. لە ساڵی ٢٠٠٩وە ئەم سیاسەتە دەستی پێ کردووە و، لە ڕێگەی چەند ڕێککەوتننامەیەکەوە کە لە سەرەوە باسمان کردووە، بەرجەستە کراوە. ئەو ڕێککەوتنانە سروشتێکی تەواوکارییان هەیە لەگەڵ یەکتردا. کۆتا ڕێککەوتنی شەراکەتی ستراتیژی کە لە ساڵی ٢٠٢٣ واژۆ کراوە، وەکوو یەکخستنی گشت ئەو ڕێککەوتنانەیە کە پێشتر کاری لەسەر کراوە.

لە ڕێکەوتی ١٨/٩/٢٠٢٣، ئەنجومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەقی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە کرد. تاوەکوو ئێستا نازانرێت کەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە یان لەوانەیە ڕەت بکرێتەوە و هەرگیز نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. چاوەڕێ دەکرێت هەرێمی کوردستان و لایەنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕۆڵی ئەرێنی ببینن لە پەسەندکردنی ئەم ڕێککەوتنە؛ کە سەرۆك ماکرۆن مەبەستێتی وەکوو دەستکەوتێکی سیاسی و ئابووری بۆ فەڕەنسا بەدەستی بهێنێت.

لە لایەکی ترەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، دەکرێ سوود لە پەیوەندییە لووتکەییەکانی هەرێم و فەڕەنسا وەرگیرێت و، یاداشتی پاشکۆ بۆ ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە واژۆ بکرێت. دەقەکانی ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە تا ڕادەیەك ڕێگەخۆشکەرە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی لایەنە جۆرەبەجۆرەکانی ئەم ڕێککەوتنە و تاوەکوو پێکهێنانی لێژنە و ئەنجومەنی هاوبەش لە نێوان هەرێم و عێراق و فەڕەنسا. پەیوەندییەکان بەردەوام پێویستیی بە دامەزراوەییکردن و نوێکردنەوە و بەفەرمیکردن هەیە.

ئامانجەکانی ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە، بە لایەنی کەم، بەردەوامیی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە بە شێوەیەکی خولی لە نێوان حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و فەڕەنسا و، جێبەجێکردنی سنووردار نەکراوە بە

کاتێکی دیاریکراو، بەڵکوو بۆ هەمیشەیە تاوەکوو لایەنێك داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکات. هەروەك ئاماژەمان پێ دا، ئەم ڕێککەوتنە ڕێبەرێك و ماتۆڕی ڕێککەوتنەکانی ترە؛ بناغەیەکە بۆ پێکهێنانی لیژنەی دوولایەنەی هاوبەش. پێویستە هەرێم بەشداریی کارای لەو لیژنە هاوبەشانەدا هەبێت.

**کۆبەند**

ئەم ڕێککەوتنەی شەراکەتی ستراتیژی، هەوڵێکە بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و فەڕەنسا. هەرچەندە لە سەرەتای دەقەکەدا چەند بنەمایەکی هاوبەش دووپات کراوەتەوە، بەڵام ئاراستەی کارکردنەکە بۆ ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە زیاتر لە عێراق و بۆ بەرژەوەندیی عێراقییەکان جێبەجێ بکرێت. ئەم ڕێککەوتنە دوولایەنە، ئامادەکارییە بۆ ڕێککەوتنی کۆنکرێتی و پابەندکەر بۆ هەردوو لایەن. فەڕەنسا لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنەوە، هەوڵ دەدات هەنگاوێک زیاتر لە پێش زلهێزە نێودەوڵەتییە ڕکابەرەکانییەوە بێت. فەڕەنسا دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە لووتکەییەی لەگەڵ هەرێم هەیەتی، ئەم ڕێککەوتنە سەر بخات و جێبەجێ بکرێت. بەرامبەر ئەم بابەتەیش، هەرێمی کوردستان پێویستە پلان و پرۆژە و میکانیزمی خۆی ئامادە بکات لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە بۆ بەرژەوەندیی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان و، بەشداریی کاریگەری لە لیژنە هاوبەشەکاندا هەبێت.